فرێدریک ئینگڵس



# کارل مارکس

وەرگێرانی نزار عەبدوڵا

# كـــارل مـــاركـــس

## فرێدریک ئینگڵس

### وەرگێرانی نزار عەبدوڵا

فرێدریک ئینگڵس ئەم وتارەی لە ناوەڕاستی حوزەیرانی ساڵی ١٨٧٧ دا نووسیوە
لە ڕۆژنامەی ڤۆلکس کالندەر بلاوکراوەتەوە

# کارل مارکس

کارل مارکس[١]، ئەو پیاوەی کەیەکەم کەس بوو بناغەیەکی زانستی بەخشی بەسۆشیالیزمو هەموو بزووتنەوەی کرێکاری هاوچەرخی ئەمرۆ، لەساڵی١٨١٨دا لەشاری تریر لەدایك بووە. سەرەتا لەشاری بۆنو بەرلین ڕووی کردە خوێندنی یاسا، بەڵام پاش ئەوە خۆی بۆخوێندنی فەلسەفەو مێژوو تەرخان کرد. لەساڵی ١٨٤٢ دا ئامادەبوو لەبواری فلەسەفەدا وەکو پرۆفیسۆرێکی یاریدەدەر وانە بڵێتەوە، بەڵام ئەو جوڵانەوە سیاسیەی بەدوای مردنی فریدریك ویلیەمی سێیەم دا دەستی پێکرد ئاراستەی ژیانی ئەوی بەجۆرێکیتر گۆڕی. بەبەشداری مارکس، ڕێبەرانی بۆرژوا ـ لیبراڵ لەهەرێمی ((ڕاین))دا، کامبهاوزنو هانزیمانو ئەوانی تر، لەشاری کۆلۆنیا((ڕۆژنامەی ڕینان))یان[٢*] دامەزراند؛ وەلەپایزی ١٨٤٢دا داوایان کرد لەمارکس، کەئەوکات بەرەخنە بەپێزەکانی لە گفتوگۆکانی((لاندتاغی)) هەرێمی ڕاین سەرنجی هەمووانی بۆ خۆی ڕاکێشابوو، ببێت بەسەرنوسەری ڕۆژنامەکە. بێگومان ڕۆژنامەکە سانسۆری لەسەربوو بەڵام سانسۆر هەرگیز نەیتوانی بیخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە[٣*].

ڕۆژنامەی((ڕینان)) هەمیشە بەسەرکەوتوویی ئەو ووتارانەی کەپێویست بوون بڵاوبکرێنەوە لەسانسۆر دەربازی دەکرد. سەرەتا بابەتە بێبەهاکانیان دەخستە بەردەستی ڕەقیب تا بڕیاری لەسەر بدات، تا بەو جۆرە ناچاری بکەن زوو خۆبەدەستەوە بداتو ڕەزامەندی نیشان بدا، یان لەترسی ئەوەی ڕۆژنامەکە لەرۆژی دواتردا دەرنەچێ ناچاربێ پاشەکشە بکات.

ئەگەر دە ڕۆژنامەیتر هەبوایە هاوشێوەی((ڕۆژنامەی ڕینان)) ئازایەتی بنوێننو کەسانێك دەریان بکردایە ماندوو نەناسانە چەند سەد تالیری تریان لەتایپ کردنو چاپ کردندا خەرج بکردایە، لەم حاڵەدا سانسۆر لەئەڵمانیادا لەساڵی(١٨٤٣)ەوە مەحاڵ بوو سەربگری.

بەڵام خاوەن ڕۆژنامە ئەڵمانییەکان ووردە بۆرژوای بیرتەسکو ترسنۆك بوون، بۆیە لەم خەباتەدا((ڕۆژنامەی ڕینان)) تەنها مایەوە، لەگەڵ ئەوەشدا یەك لەدوای یەك ڕەقیبەکانی لەمەیدان دەردەکرد. ئەوەبوو لەدواجاردا سانسۆرێکی دوانەیان بەسەردا سەپاند. ئیتر دەبوو دوای تێپەڕکردنی سانسۆری یەکەم، سەرۆکی حکومەت خۆی بۆدواجار ڕەقیب بێ بەسەریەوە.

ئەمەش دادی نەدان. لەسەرەتای ساڵی ١٨٤٣دا حکومەت ڕایگەیاند کەلەگەڵ ئەم ڕۆژنامەیەدا هیچ کارێ ناکرێ، بێقرەیەکی زیاتر بڕیاری دا دایبخات.

مارکس دوای ئەوە چووە پاریس، لەم کاتانەدابوو کەلەگەڵ خوشکی فون ویستیفالن، وەزیرە کۆنەپەرستەکەی داهاتوو، زەواجی کرد. لەپاریسدا لەگەڵ "ئەرنۆلد روغە"دا بڵاوکراوەی ((ساڵانەی ئەڵمانی ــ فەرەنسی))یان دەرکرد[٤*]. تیایدا زنجیرە باسە سۆشیالستییەکانی بە(ڕەخنە لەفەلسەفەی حەقی هیگل))دەست پێکرد. دواتر لەگەڵ فریدریك ئەنگلسدا کتێبی ((خێزانی پیرۆز))یان لەدژی برۆنۆ باوەرو هاوەڵەکانی بڵاوکردەوە، کەرەخنەیەکی گاڵتە ئامێزبوو لەشکڵێك لەدوا شکڵەکانی میتافیزیکی فەلسەفەی ئەڵمانی ئەو کاتە.

سەرقاڵی بەلێکۆڵینەوەی ئابووری سیاسیو مێژووی شۆڕشی گەورەی فەرەنسا هێشتا هەندێك وەختی بۆ مارکس هێشتبۆوە تا هێرش بکاتە سەر حکومەتی بروسی. بەڵام حکومەتی بروسی تۆڵەی خۆی کردەوەو توانی وەزارەتی غیزۆ لەوێ ناچار بکات مارکس لەبەهاری ساڵی ١٨٤٥دا دوور بخەنەوەو نەفی بکەن. لەم کارەدا، بەئیحتیمالێکی زۆر، ئەلکسەندەر فون غومبولدت دەوری وەسیتی گێڕاوە.

مارکس چووە برۆکسلو لەوێ لەساڵی ١٨٤٧دا بەزمانی فەرەنسی کتێبەکەی بەناونیشانی((هەژاری فەلسەفە))بڵاوکردەوە، کەرەخنەبوو لەکتێبی((فەلسەفەی هەژاری))برۆدۆن. دواجار لەساڵی ١٨٤٨دا((ووتارێك دەربارەی ئازادی بازرگانی))نوسی، هاوکات مارکس توانی لەبرۆکسل((یەکێتی کرێکارانی ئەڵمانیا)) پێك بهێنێو دەست بداتە کاری ئاژیتاسیۆن .

ئەو کاتە لای ئەو ئاژیتاسیۆن(هاندان) گرنگییەکی زۆری پەیداکردبوو. بەتایبەتی دوای ئەوەی خۆیو هاوەڵە سیاسییەکانی لەساڵی ١٨٤٧دا چوونە ڕیزی ((کۆمەڵەی کۆمۆنیستەکان[٥*]))وە کەچەند ساڵێك بوو پێك هاتبوو وە بەشێوەیەکی نهێنی خەریکی

کاربوو. دوای ئەوە ئەم ڕێکخراوە سەرتاپا گۆڕانی ڕادیکاڵو ڕیشەیی بەسەرداهات. کۆمەڵە لەڕێکخراوێکی کەم تازۆر پیلان گێڕەوە بوو بەڕێکخراوێکی ئاسایی بۆ کاری پڕوپاگەندەی کۆمۆنیستیو تەنها لەکاتی ناچاریدا نهێنی کار بوو. بەم جۆرە بوو بەیەکەم ڕێکخراوی حزبی سۆسیال دیموکراتی ئەڵمانی.

کۆمەڵە لەهەموو ئەو شوێنانەدا کەکرێکارانی ئەڵمانیای لێبوونو پێکەوە یەکێتییەکیان هەبوو بوونی هەبوو. ئەندامانی رابەری ڕێکخراوەکانی بەریتانیاو بەلجیکاو فەرەنساو سویسراو زۆربەی هەرە زۆری یەکێتییەکانی ناو ئەڵمانیا، ئەندامی کۆمەڵەبوون. بەشداری کۆمەڵە لەبزووتنەوەی کرێکاری تازەلاوی ئەڵمانیادا زۆر گەورەبوو، سەرەڕای ئەوەش کۆمەڵەکەمان یەکەم ڕێکخراوبوو کەخەسڵەتی ئەنتەرناسیونالی بزووتنەوەی کرێکاری نیشانداو بەکردەوە سەلماندی. کۆمەڵە ئەندامی بەریتانیو بەلجیکیو هەنگاریو پۆڵۆنیو ... تاد لەخۆگرتبوو، وەکۆبوونەوەی کرێکاری نێونەتەوەیی بەتایبەت لەشاری لەندەن ڕێکخستبوو.

گۆڕینی کۆمەڵە لەدوو کۆنگرەدا ڕوویدا کەلەساڵی ١٨٤٧دا بەستران.

لەدووهەمیاندا بڕیاردرا پرەنسیبەکانی بەرنامەی حزب دابڕێژرێو لەشکڵی مانیفێستدا بڵاوبکرێتەوەو ئەم کارەشیان سپارد بەمارکسو ئەنگلس.

بەم جۆرە مانیفێستی حزبی کۆمۆنیست سەری هەڵداو بۆیەکەمجار لەساڵی ١٨٤٨دا، پێش ڕوودانی شۆڕشی شوبات بەماوەیەکی کەم، بڵاوکرایەوە. دواتر وەرگێڕدرا بۆ هەموو زمانە ئەوروپییەکان.

بەشداری مارکس لە((ڕۆژنامەی ئەڵمانی برۆکسلی)) [٦*] کەتیایدا بێ ڕەحمانە گەشەی پۆلیسیانەی بروسیای ڕسواکرد، بووە هۆی ئەوەی سەرلەنوێ حکومەتی بروسی داوای دوورخستنەوەی مارکس بکا، بەڵام بێهودە بوو. بەڵام کاتێك بزووتنەوەیەکی جەماوەری لەبرۆکسلدا بەهۆی شۆڕشی شوباتەوە دەستی پێکردو ئاشکرابوو کەخودی بەلجیکاش لەبەردەرگای ئاڵوگۆڕی ڕادیکاڵ دایە، حکومەتی بەلجیکی بەبێ لەبەرچاوگرتنی هیچ ئصولێکی یاسایی مارکسی دەسگیرکردو دیپۆرتی کرد.

هاوکات حکومەتی کاتی لەفەڕەنسا لەرێگەی فلۆکۆنەوە داوای لێکرد کە بگەڕێتەوە پاریسو ئەویش ئەو داوایەی بەهەل زانیو قبووڵی کرد.

لەپاریسدا، پێش هەموو شتێك دژی ئەو موغامەرەیە ڕاوەستا کەلەخەیاڵی ئەڵمانییەکانی پاریسدابوو وە بەنیازبوون فەوجی چەکدار لەکرێکارانی ئەڵمانی نیشتەجێی فەرەنسا دروست بکەنو لەوێوە شۆڕشو جمهوریەت بۆ ئەڵمانیا بگوێزنەوە. لەلایەکەوە، پێویست بوو خودی ئەڵمانیا شۆڕشی خۆی بکا، لەلایەکی ترەوە هاوشێوەکانی لامارتین لەحکومەتی کاتیدا پێش وەخت خیانەتیان لەهەموو فەوجێکی شۆڕشگێڕی چەکدار کەلەفەرەنسادا دروست بووبێ، دەکردو دەیاندایەوە بەو حکومەتەی کەبڕیار بووە ئەو فەوجە بیڕوخێنێ، هەر وەکو چۆن ئەم کارە لەبەلجیکاو بادندا ڕوویدا.

دوای شۆڕشی ئازار مارکس چووە کۆلۆنیاو لەوێ((ڕۆژنامەی ڕینانی نوێ [٧*]))ی دەرکرد. ئەم ڕۆژنامەیە لەیەکی حوزەیرانی(١٨٤٨) تاکو ١٩ی ئایاری ١٨٤٩ی خایاند. تاکە ڕۆژنامەیەك بوو کەڕوانگەی پرۆلیتاریای لەبزووتنەوەی دیموکراسی ئەو کاتەدا دەخستە ڕوو. نموونەی ئەمە ئەو پشتیوانیکردنە ڕاشکاوو بێئەملاو لایەبوو کە بۆ شۆڕشگێڕانی پاریس لەحوزەیرانی ١٨٤٨دا [٨*] دەریبڕی. لەبەر ئەم هەڵوێستە زۆربەی بەشداربووەکانی وازیان لە ڕۆژنامەکە هێنا.

بێهوودە ((کروز زایتونگ)) ئاماژە دەکات بەهێرشی ((بێشەرمانەی چیمبرازۆیی)) [٩*] ((ڕۆژنامەی ڕینانی نوێ)) بۆسەر هەموو شتێکی پیرۆز لەپاشاوە هەتا نۆکەری ئیمپراتۆرو تا دەگات بەدوا جەندرمە، ئەمەش لەقەڵایەکی بروسیدا کەئەوکات هێزە پارێزەرەکەی لە٨هەزار کەس پێك هاتبوو.

بێهوودە ووردە بۆرژوا ڕینانییە لیبراڵەکان کەخۆیان کتوپڕ بوون بەکۆنەپەرست توورەیی خۆیان نیشان دەدەن. بێهوودەبوو ڕاگەیاندنی حاڵەتی تەواری لەکۆلۆنیا لەپاییزی ١٨٤٨داو نەبووە هۆی لەکارکەوتنی ڕۆژنامەکە بۆماوەیەکی درێژ خایەن.

بێهوودە وەزارەتی دادی ئیمپراتۆریەت لەفرانکفۆرت لەداواکاری گشتی کۆلۆنیای داواکرد ڕۆژنامەکە بەهۆی ووتارە یەك لەدوای یەکەکانییەوە بدات بەدادگا. ڕۆژنامەکە هەر بەهێمنیو دڵنیاییەوەو بەبەرچاوی پۆلیسەوە چاپ دەکراو دەردەچوو. دابەشکردنو ناوبانگەکەی لەگەڵ زیادبوونی هێرشەکانیدا بۆ سەر حکومەتو بۆ سەر بۆرژوازی تادەهات پەرەی دەسەند.

کاتێك کۆدەتایەك لەبروسیادا لەتشرینی دووەمی ١٨٤٨دا ڕوویدا ((ڕۆژنانەی رینانی نوێ)) لەهەموو ژمارەیەکیدا بانگەوازی خەڵکی دەکرد باج نەدەن‌و توندوتیژی بە توندوتیژی وەڵام بدەنەوە. بەهۆی ئەم بانگەوازەوەو هەروەها بەهۆی یەکێك لەووتارەکانی‌یەوە، بەهاری ساڵی١٨٤٩ درا بەدادگا. بەڵام لەهەردوو بارەکەدا بێتاوان دەرچوو. دواجار، پاش سەرکوتی ڕاپەڕینی ئایاری ١٨٤٩ لەدرسدن‌و هەرێمی ڕاین[*10] وەدوای هەڵخڕاندن‌و کۆکردنەوەی هێزێکی سەربازی گەورە، شاڵاوی بروسیا بۆ سەر ڕاپەڕینی بادن ـ بالاتینا دەستی پێکرد. حکومەت بەو باوەڕە گەیشتبوو کە ئەوەندە هێزی هەیە تا((ڕۆژنامەی رینانی نوێ)) سەرکوت بکات. دوا ژمارەی ڕۆژنامەکە لە١٩ی ئایاردا، کەبەمەرەکەبی سور چاپ کرابوو، دەرچوو.

دووبارە مارکس چووەوە پاریس، بەڵام چەند هەفتەیەك دوای خۆپیشاندانی ١٣ی حوزەیرانی١٨٤٩ حکومەتی فەرەنسی مارکسی خستە بەردەم دوو ڕێگا؛ یان دەبێ شوێنی نیشتەجێبوون بۆ هەرێمی بریتانی بگوێزێتەوە، یان دەبێ فەرەنسا بەجێبهێڵێ. ئەویش دووهەمی پەسەند کردو چوو بۆ لەندەن‌و تاکو ئێستاش هەر لەوێ دەژی.

بەڵام هەوڵی ئەو بۆ درێژەپێدانی((ڕۆژنامەی رینانی نوێ)) لەشکڵی گۆڤارێکدا (لەهامبۆرگ ساڵی١٨٥٠) بەهۆی زاڵبوون‌و تووندبوونەوەی هەرچی زیاتری کۆنەپەرستی‌یەوە، دوای ماوەیەکی کەم بەوازهێنان کۆتایی هات.

لەپاش کۆدەتاکەی فەرەنسا لەکانوونی‌یەکەمی ١٨٥١دا، گەرماو گەرم مارکس کتێبەکەی بەناوی((هەژدەهەمی برۆمێر لویس پۆناپارت))(نیۆرك ساڵی١٨٥٢، چاپی دووەمی لەهامبۆرگ بوو ساڵی ١٨٦٩ پێش دەست پێکردنی شەڕ بەماوەیەکی کەم) بڵاوکردەوە.

وەلەساڵی ١٨٥٣دا (ئیفشاگەریەك دەربارەی دادگاییکردنی کۆمۆنیستەکان لەکۆلۆنیا))ی نوسی (یەکەم جار لەبازل دەرچوو، دواتر لەبۆستن، ئەم دواییانەش دووبارە لەلایبزیگ لەچاپ درایەوە).

دوای حوکمدانی ئەندامانی کۆمەڵەی کۆمۆنیستەکان لەکۆلۆنیا[*11]، مارکس خۆی بەدوورگرت لەکاری ئاژیتاسیۆنی سیاسی، لەماوەی دە ساڵدا خۆی تەرخان کرد لەلایەکەوە بۆ لێکۆڵینەوە لەو گەنجینە بەنرخەی کتێبخانەی مۆزەخانەی بەریتانیا لەبواری ئابووری سیاسی‌دا هەیبوو، لەلایەکی ترەوە بۆنوسین لەرۆژنامەی نیۆرك دەیلی تریبیۆن(NEWYORK DAILY TRIBUNE)[*12] ئەو رۆژنامەیەی کەتاکو پێش هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆیی لەئەمریکا[*13]، نەك هەر ئەو نێردراوانەی بەناوی مارکسەوە ئیمزاکرابوو بڵاودەکردەوە، بەڵکو زۆرێك لە سەرووتارەکانی سەبارەت بەبارودۆخی ئەوروپاو ئاسیا بەقەڵەمی ئەو بوو. ووتارە توندەکانی لەدژی لۆرد بالمرستۆن کەپشتی بەستبوو بەلێکۆڵینەوەیەکی پاراوی بەڵگەنامە ڕەسمی‌یەکانی بەریتانیا دووبارە لەلەندەندا بەشێوەی نامیلکە لەچاپ دەدرایەوە.

نوسینی((دەروازەی ڕەخنەیەك لە ئابووی سیاسی)) چاپی یەکەمی لەساڵی ١٨٥٩دابوو(بەرلین، خانەی دونکر بۆ چاپ‌و بڵاوکردنەوە) یەکەمین بەرهەمی چەند ساڵەی ئەوبوو بۆلێکۆڵینەوەی ئابووری سیاسی. ئەم نوسینە یەکەمین خستنەڕووی مەنهەجیانەی تیۆری مارکسە دەربارەی بایی، لەوانەش ڕوونکردنەوەی باوەڕەکانی دەربارەی دراو.

لەکاتی شەڕی ئیتالیادا مارکس لەرۆژنامەی ئەڵمانی((گەل))دا (DAS VOK) کەلە لەندەن دەردەچوو دژی بۆناپارتیزم کەئەو دەمانە بەلیبرالیەت خۆی ڕەنگ کردبوو وە خۆی وانیشاندەدا کەرزگارکەری نەتەوە چەوساوەکانە، یان دژی سیاسەتی بروسیا کەدەیویست لەژێر ناوی سیاسەتی بێلایەنی‌دا ماسی لەئاوی لێڵدا ڕاوبکات خەباتی کرد، سەرباری ئەمانەش پێویست بوو دژی کارل فوغت ڕابوەستێ. کەلەکۆمۆسیۆنی میر ناپلیۆن(پلۆن ـ پلۆن)دابوو وە مووچە وەرگری لویس ناپلیۆن بوو، کاتێك ئەو زەمانە ئاژیتاسیۆنی بۆ بێلایەنی دەکردو بەکردەوەش بەلای ئەڵمانیادا دایدەشکاند.

فوغت لەبەرامبەر ئەمەدا پیسترین درۆو تۆمەتی هەڵبەستراوی بەلێشاو دایەپاڵ مارکس. مارکسیش بەکتێبی(بەڕێز فوغت) وەڵامی دایەوە(لەندەن ـ ساڵی ١٨٦٠)، تیایدا فوغت‌و هاوەڵەکانی وەك پێڕی پۆناپارتی‌یە بەڕواڵەت دیموکرات خوازەکان ڕسواکرد، بەوە تاوانباری کرد، بەپشت بەستن بەبەڵگەی ناوخۆیی‌و دەرەکی، کەئیمپراتۆریەتی کانونی یەکەم کڕیوێتی‌و بەکرێی گرتووە. دوای دە ساڵی تەواو، ڕاستی‌و دروستی ئەو تۆمەتە ئاشکرابوو: لەنێو لیستی بەکرێ گیراوە پۆناپارتی‌یەکاندا کەساڵی١٨٧٠ لەتەلاری تویلری دۆزرایەوەو حکومەتی ئەیلول[*14] بڵاویکردەوە بەم جۆرە پیتانە نوسرابوو؛((فوغت لەئابی ١٨٥٩دا 40.000 فرەنکی دراوەتێ )).

ئەم دواییانەدا لەهامبۆرگ بەرواری١٨٦٨((سەرمایە: لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەگرانە لەبەرهەم هێنانی سەرمایەداری ــ بەرگی یەکەم)) دەرچوو. ئەمە سەرەکیترین کتێبی مارکسە کەتیایدا پایەکانی تێڕوانینە ئابووری ـ سۆشیالیستی‌یەکانی، هەروەها خەسڵەتە

سەرەکییەکانی ڕەخنەی ئەوی لەکۆمەڵی ئەمڕۆ، شێوەی بەرهەم هێنانی سەرمایەداریو ئاکامەکانی خستۆتە ڕوو. ئەم کتێبە کەوەرچەرخانێکی مێژوویی پێکهێنا، چاپی دووەمی لەساڵی ١٨٧٢دا دەرچوو. لەحاڵی حازردا نوسەر خەریکی پاکنوس کردنی بەرگی دووهەمێتی.

لەم کاتانەدا بوو کەبزووتنەوەی کرێکاری لەووڵاتە جۆراوجۆرەکانی ئەوروپا دووبارە هێزی بەبەردا هاتبۆوەو خولیای ئەوەی خستەوە بیری مارکس کەبیر لەئاواتە دێرینەکەی بکاتەوە واتە: دامەزراندنی یەکێتییەکی کرێکاری کەهەموو ووڵاتە پێشکەوتووەکان لەئەوروپاو ئەمریکا بگرێتەوەو خەسڵەتی جیهانی بزووتنەوەی سۆسیالیستی بەگۆشتو پێستەوە ـ ئەگەر دەربڕینەکە دروست بێ ـ چ لەلای کرێکارانو چ لەلای بۆرژوازیو حکومەتەکانی، بەرجەستە بکاتەوە، خەسڵەتێك کە هێزبدات بەپرۆلیتاریاو گوڕی بداتێو ترسو نیگەرانیش بخاتە دڵی دوژمنەکانییەوە. ئەو کۆبوونەوە جەماوەرییەی لە٢٨ی ئەیلولی ١٨٦٤دا لەهۆڵی سانت مارتینس لەلەندەن بەسترا بۆ دەربڕینی هاودەردیو هاوپشتی لەگەڵ پۆڵۆنیادا کەئەو کاتە روسیا جارێکیتر سەرکوتی کرد، بوو بەفرسەتێك تا ئەو پێشنیازە بخرێتەڕوو. ئەوەبوو بەحەماسەتەوە قبوڵ کرا. بەم جۆرە یەکێتی ئەنتەرناسیونالی کرێکاری دامەزرا، هەر لەوکۆبوونەوەیەدا شوورای گشتی کاتی هەڵبژێردراو لەندەن بوو بەبارەگاکەی، دەبێ ئەوەش بووترێ کەمارکس ڕۆحی ئەو شوورایەو هەموو شوورا گشتییەکانی دواتر بوو تاکاتی بەستنی کۆنگرەی لاهای[١٥].

تەقریبەن ئەو بوو هەموو بەڵگەنامەکانی شوورای گشتی ئەنتەرناسیونالی نووسی، هەر لەبەیاننامەی دامەزراندنییەوە لەساڵی ١٨٦٤ دا تا راگەیاندنێك سەبارەت بەجەنگی ناوخۆیی فەرەنسا لەساڵی ١٨٧١دا. باس کردن لەچالاکی مارکس لەئەنتەرناسیونالدا بەمانای نووسینی مێژووەکەیەتی، مێژوویەك هێشتا هەر لەبیرەوەرییەکانی کرێکارانی ئەوروپادا بەزیندوویی ماوەتەوە.

هەرەسی کۆمۆنەی پاریس بارودۆخێکی نالەباری بۆ ئەنتەرناسیونال پێکهێنا.

لەو کاتەدا کەئەنتەرناسیونال لەسەنگەری پێشەوەی مێژووی ئەوروپادابوو، ئەو کاتە لەهەموو جێگاکاندا بواری ئەنجامدانی هەموو چەشنە خەباتێکی عەمەلی سەرکەوتووانەی نەمابوو. ئەو ڕووداوانەی ئەوی گوڕی بەهێزێکی حەوتەمی گەورە، هاوکات ڕێگای پێنەدا هێزە جەنگاوەرەکانی هەڵخرێنێو بەکردەوە بەکاریان بهێنێ، کارێك کەئەگەر بکرایە بزووتنەوەی کرێکاری تووشی شکستێکی حەتمیو پاشەکشەیەکی دەیان ساڵە دەکردەوە. سەرباری ئەمەش لەهەموو لایەکەوە هەندێك لایەن هەوڵیاندا ناوبانگو شۆرەتی ئەنتەرناسیونال، کەتازە بەخێرایی بەدەستی هێنابوو، بۆ تێرکردنی هەوەسو ئارەزووە شەخصییەکانیان بەکاربهێنن، بەبێ ئەوەی بارودۆخی ڕاستەقینەی ئەنتەرناسیونال لەپێش چاو بگرن.

پێویست بوو بڕیارێکی قارەمانانە بدرێ، دووبارە ئەوە مارکس بوو ئەو بڕیارەی داو خستیە بەردەم کۆنگرەی لاهای، ئەوەبوو لەبڕیارێکی ڕاشکاودا بۆ خەڵك ئەنتەرناسیونال خۆی بەبەرپرسیار نەزانی بەرامبەر کردەوەکانی باکۆنییەکان کەببوون بەسەنتەری توخمە گومڕاو پۆخڵەکان.

دواتر بەهۆی زاڵ بوونی کۆنەپەرستی گشتییەوە کەمەحاڵبوو تیایدا چالاکییەکانی تەنانەت بەستنی کۆبوونەوەکانی، ئەنجام بدات مەگەر بەقیمەتی قوربانیدانێکی زۆرنەبێ کەئەویش بزووتنەوەی کرێکاری تووشی نەزیف بەربوون دەکرد، ئەنتەرناسیونال بڕیاری دا بەشێوەیەکی کاتی لە گۆڕەپان بکشێتەوەو بارەگای شوورای گشتی بۆ ئەمریکا بگوێزێتەوە.

ڕووداوەکانی دواتر سەلماندی کەئەم بڕیارە هەرچەند لەکاتی خۆیداو دوای ئەوەش ئیدانەکراو ڕەت کرایەوە، ڕاستو دروست بوو، لەلایەکەوە سنوورێکی دانا بۆ هەموو ئەو هەوڵانەی دەیوویست لەژێر ناوی ئەنتەرناسیونالدا ئاشووبێکی نەزۆك بنێتەوە، وەلەلایەکی ترەوە ئەو پەیوەندییە نزیكو یەکانگیرەی لەنێوان حزبە کرێکارییە سۆسیالیستییەکانی ولاتە جۆراوجۆرەکاندایە نیشانیدا ئەو هۆشیارییەی ئەنتەرناسیونال بەدیهێنا، هۆشیاری یەکێتی بەرژەوەندییەکانی پرۆلیتاریای گشت ووڵاتان، دەکرێ بەرێگایەکی تردا بڕوات تەنانەت لەحاڵی نەبوونی یەکێتییەکی نێو نەتەوەیی ڕەسمیدا کەڕەنگ بێ لەئەمڕۆدا تەنها کۆتو بەندێك بێ.

پاش کۆنگرەی لاهای دواجار مارکس هێمنیو کاتێکی ئازادانەی بۆ مایەوە تاسەر لەنوێ بچێتە پای کارە تیۆرییەکانی، ئومێد وایە لەماوەیەکی نەئێجگار درێژدا بتوانێت بەرگی دووەمی ((سەرمایە))بەچاپ بگەیەنێ.

لەنێو ئەو دۆزینەوە گرنگو زۆرانەدا کەمارکس بەهۆیانەوە ناوی خۆی لەمێژووی زانستدا تۆمارکرد دەکرێ لێرەدا تەنها ئاماژە بەدووان لەوانە بکەین:

یەکەمیان/ ئەو شۆڕشەی لەچەمکی مێژووی جیهانیدا بەدیهێنا. بناغەی هەموو تێڕوانینەکانی ڕابردوو دەربارەی مێژوو ئەو بۆچوونە بوو کەدەیووت دەبێ لەدواشیکردنەوەدا بۆ هۆی هەموو گۆڕانکاریە میژووییەکان لەبیرو بۆچوونە گۆڕاوەکانی خەڵکدا بگەڕێین، وەگۆڕانکاریە سیاسیەکان لەنێو هەموو گۆڕانکاریە مێژووییەکاندا سەرەکیترین گۆڕانکارینو ئەوانەن کەهەموو مێژوو دیاریدەکەن. بەڵام ئەوەی کە ئەو بیروبۆچوونانە لای خەڵك چۆن سەرهەڵدەدەنو هۆیە بزوێنەرەکانی گۆڕانکاریە سیاسیەکان چین مەسەلەیەك بوو کەهێشتا بەقووڵی بیری لێنەکرابۆوە. تەنها لەقوتابخانە نوێیەکانی مێژوونووسە فەرەنسیەکانو بەشێوەیەکی لاوەکی لەلای مێژوونووسانی ئینگلیزیش ئەو باوەڕە سەریهەڵدا کەخەباتی بۆرژوازی تازە گەشەکردوو دژی خانەدانە دەرەبەگەکان لەپێناوی دەسەڵاتداریێتی کۆمەڵایەتیو سیاسیدا هێزی بزوێنەری مێژووی ئەوروپایە، لانی کەم لەسەدەکانی ناوەڕاست بەدواوە.

بەڵام مارکس سەلماندی کەهەموو مێژووی مرۆڤایەتی لەڕابردوودا، مێژووی خەباتی نێوان چینەکانە، وەهەمیشە تەوەرەی کێشەکان بەدیاریکراوی سەبارەت بەدەسەڵاتی کۆمەڵایەتیو سیاسی ئەم چین یان ئەو چینی تری کۆمەڵ بووە، دەربارەی پاراستنی دەسەڵاتی چینە کۆنەکانو بەدەسەڵاتی گەیشتنی چینە نوێیە گەشەکردووەکان بووە. بەڵام بەهۆی چییەوە ئەم چینانە سەرهەڵدەدەنو بوونیان درێژەی هەیە؟ بەهۆی ئەو بارودۆخە ماددییەوە کەبەشێوەیەکی فیزیکی هەستی پێدەکرێو لەسایەیدا کۆمەڵگا لەهەموو چەرخێکدا هۆیەکانی پێویستی ژیان بەرهەم دەهێنێو دەیگۆڕێتەوە.

دەسەڵاتی دەرەبەگایەتی لەسەدەکانی ناوەڕاستدا پشتی بەئابووری خۆبژێوی کۆمەڵە بچووکە جووتیاریەکان بەستبوو، ئابووریەك کەدەکرێ بڵێین هەموو پێویستیەکانی ژیانی بۆ خۆی بەرهەم دەهێناو گۆڕینەوەی نەدەزانی، خانەدانە پڕچەكو جەنگخوازەکانیش لەدوژمنانی دەرەکیو ناوخۆ دەیان پاراستو لانیکەم بەردەوام بوونی ژیانی سیاسیان بۆ فەراهەم دەکرد.

کاتێك شارەکانو لەگەڵ ئەویشدا پیشەسازی پیشەگەری داخراو سەریان هەڵداو دواتر ئاڵوگۆڕی بازرگانی سەرەتا لەچوارچێوەی ناوخۆداو پاش ئەوە لەسەر ئاستی جیهانی، بەشوێنیدا هات، ئەو کاتە بۆرژوازی شاری، کەپێشتر لەگەرمەی خەبات دژی خانەدانەکاندا لەسەدەکانی ناوەڕاستدا لەڕژێمی دەرەبەگایەتیدا ببوو بەشێکی خاوەن ئیمتیاز، گەشەی کرد.

بەڵام بۆرژوازی دوای دۆزینەوەی زەوی لەدەرەوەی ئەوروپادا، لەناوەڕاستی سەدەی پانزە بەدواوە، پانتاییەکی زۆر فراوانتری بۆ چالاکی بازرگانی بەدەست هێناو گورو تەکانێکی زیاتری دا بەگەشەپێدانی پیشەسازیەکەی. بەم جۆرە پیشەگەری لەگرنگترین لقەکاندا مانیفاکتۆرە، کەخەسڵەتێکی فابریکی هەبوو، خستیە لاوە. مانیفاکتۆرەش بەدەوری خۆی لەلایەن پیشەسازی گەورەوە، کەبەهۆی داهێنانەکانی سەدەی ڕابووردووەوە بەتایبەتی بەهۆی داهێنانی ئامێری هەڵمییەوە بەوجود هات، وەلانرا.

بەڵام پیشەسازی گەورە کاریگەریەکی پێچەوانەی دانا لەسەر چالاکی بازرگانی، کاری دەستی کۆنی لەووڵاتە دواکەووتووەکان خستە لاوەو لەووڵاتە زیاتر گەشەکردووکانیشدا هۆی هاوچەرخی نوێی لەبواری هاتووچۆدا خوڵقاند: کەشتیەکانو هێڵەکانی ئاسنو تەلەگرافی کارەبایی.

بەم شێوەیە بۆرژوازی هەرچی زیاتر سامانی کۆمەڵایەتیو هێزی کۆمەڵایەتی خستە ژێر دەستی خۆیەوە، ئەگەرچی بۆ ماوەیەکی درێژ لەدەسەڵاتی سیاسی، کەلەچنگی خانەدانەکانو دەسەڵاتی پاشایەتی پشت بەستوو بەمان بوو، هەر بێبەش مایەوە. بەڵام لەقۆناغێکی دیاریکراوی گەشەکردندا ــ لەفەرەنسا لەشۆڕشی مەزنەوە ــ بۆرژوازی دەسەڵاتی سیاسیشی گرتە دەستو ئیتر بوو بەچینی باڵادەست لەبەرامبەر پرۆلیتاریاو جووتیارانی بچووکدا. لەم ڕوانگەیەوە ــ وەهەڵبەت دوای ئاگاداری پێویست دەربارەی هەلومەرجی ئابووری کۆمەڵ لەو قۆناغەدا کەجێگای مەبەستە ـ ( ئەوەی کەلەلای مێژوونووسە پسپۆڕەکانمان دەست ناکەوێ!) هەموو دیاردە مێژووییەکان بەشێوەیەکی سادە شیدەکرێتەوە، هەروەها بەشێوەیەکی زۆر سادە لێکدانەوەو بیروبۆچوونی هەر قۆناغێکی مێژوویی دیاریکراویش لەپەیوەند بەمەرجەکانی ئابووریو ئەو پەیوەندیە کۆمەڵایەتیو سیاسیانەی ئەو مەرجانە لەو قۆناغەدا دیاریدەکەن، لێکدەدرێتەوە. بەم شێوەیە بۆیەکەمجار مێژوو خرایەوە سەر بناغە فعلیەکەی خۆی. ئەو واقعیەتە ڕاشکاوەی کەدەبێ خەڵك پێش هەموو شتێك بخۆن و بخۆنەوەو جلوبەرگێك بپۆشنو شوێنێکی نیشتەجێبوونیان هەبێو هەروەها دەبێ <u>کاربکەن</u> پێش ئەوەی بتوانن لەپێناوی دەسەڵاتو خۆ خەریککردن بەسیاسەتو دینو فەلسەفەو ... تاد خەبات بکەن، ئەم واقعیەتە ڕوونە ــ کە تا ئێستا بەتەواوی لەبیرچووبۆوە ـ سەرەنجام مافە مێژووییەکانی دانی پیادا نرا.

ئەم چەمكە نوێیە بۆ مێژوو بۆڕوانگەی سۆشیالیزمو جیهان بینییەكەی زۆر بەبایەخ بوو. سەلماندی كە گشت مێژوو تاكو ئێستاش بەڕێگای ململانێو خەباتی نێوان چینەكاندا تێپەڕدەبێ، وەهەمیشە چینی باڵادەستو چینی ژێر دەست، چەوسێنەرو چەوساوە، لەئارادابوون، وە زۆربەی هەرەزۆری ئینسانەكان بەشیان كاری قوورسو ژیانی نالەبار بووە. بۆچی؟

وەڵامەكەی سادەیە، لەبەرئەوەی بەرهەمهێنان لەهەموو پلەكانی تری گەشەی مرۆڤایەتیدا كەم گەشەی كردبوو، بەجۆرێك كەگەشەكردنی مێژوویی جگە لەشكڵی دژایەتیو ململانێ نەدەكرا بەجۆرێكیتر بێ، وەهەموو پێشكەوتنی مێژوویی تەنها چالاكی كەمایەتییەكی بچووكی خاوەن ئیمتیاز نوێنەرایەتی دەكرد، لەولایشەوە زۆرینەی خەڵك دەبوو بۆ بەرهەمهێنانی هۆیە سادەكانی ژیانی تێبكۆشێ، ئەمە جگە لە كاركردنی بەردەوامیش لەپێناوی زیادكردنی سامانی خاوەن ئیمتیازەكاندا. بەڵام خودی ئەم چەمكە دەربارەی مێژوو كەبەشێوەیەكی سروشتیو لۆجیكانە دەسەڵاتی چینایەتی تا ئێستا شیدەكاتەوەو ناكرێ بەجۆرێكیتر جگە لەئیرادەی خراپەكارانەی خەڵك شیبكرێتەوە، دووبارە دەگات بەوباوەڕەی كە دوا بنەمای دابەشبوونی خەڵك بۆباڵادەستو ژێردەست، بۆ چەوسێنەرو چەوساوە، لەنێو دەچێ، لانی كەم لەووڵاتە هەرە پێشكەوتووەكاندا، بەهۆی گەشەی بێهاوتای هێزە بەرهەمهێنەرەكانەوە لەئێستادا، وەبۆرژوازی گەورەی باڵادەست ڕۆڵی مێژوویی خۆی گێڕاوەو چیتر ناتوانێ ڕابەرایەتی كۆمەڵگا بكات، نەك هەر ئەوە، بەڵكو بووە بەكۆسپێك لەبەردەم گەشەی بەرهەمهێناندا، هەروەكو چۆن قەیرانە بازرگانییەكان، وەبەتایبەت دوای هەرەسی گەورەی ئەم دواییانە ـ وەلاوازی پیشەسازی لەهەموو وولاتاندا بەڕوونی ئەمەی نیشانداوە، وەبەم جۆرە ڕابەرایەتی مێژوو ئیتر گوێزراوەتەوە بۆ پرۆلیتاریا، بۆئەو چینەی كەناتوانێ خۆی ڕزگار بكات، بەهۆی جێگاو شوێنی كۆمەڵایەتی خۆیەوە، تەنها ئەو كاتە نەبێ كە هەموو دەسەڵاتێكی چینایەتیو هەموو چەشنە كۆیلەتیو چەوسانەوەیەك لەنێو بەرێ؛ وەهەروەها هێزە بەرهەمهێنەرە كۆمەڵایەتییەكان بەئەندازەیەك گەشەیان كردووە بە بۆرژوازی كۆنترۆڵ ناكرێو بەو ئاراستەیەدا دەڕوات پرۆلیتاریای یەكگرتوو خۆی بكات بەخاوەنیو لەسەر ئەوبناغەیە ڕژێمێك دابمەزرێنێ كەنەك هەر فرسەتی بەشداری لەبەرهەم هێناندا بۆهەر ئەندامێك لەئەندامانی كۆمەڵ مسۆگەر بكا، بەڵكو بەشداری ئەوان لەدابەشكردنو بەڕێوەچوونی سامانی كۆمەڵایەتیدا دابین بكات. ڕژێمێك كەپەرەبدات بەهێزی بەرهەمهێنەری كۆمەڵو بەرهەمە دروست كراوەكانیو بەهۆی بەرنامەڕێژی بەرهەمهێنانو ڕێكخستنییەوە زیاتر گەشەی پێبدا تا ئەو ئاستەی پێویستییەكانی هەر تاكێكی كۆمەڵ كە هەمیشە برەكەی ڕووی لەزیادبوونە، دابین دەكات.

بەڵام دووەمین دۆزینەوەی گرنگی ماركس بریتییە لەڕۆشنكردنەوەی هەمەلایەنەی پەیوەندی نێوان كارو سەرمایە، بەواتایەكی تر ڕوونكردنەوەی چۆنێتی چەوسانەوەی كرێكار لەسایەی شێوەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری زاڵدا، لەلایەن سەرمایەدارەوە لەكۆمەڵگای ئەمڕۆدا. لەو كاتەوەی ئابووری سیاسی ئەو باوەڕەی خستە ڕوو كەكار سەرچاوەی هەموو سامانو هەموو بەهایەكە، ئیتر پێویست بوو ئەو پرسیارە بكرێ كە:

چۆن دەكرێ ئەم مەسەلەیە بگونجێنرێ لەگەڵ ئەوەدا كە كرێكاری كرێ گرتە هەموو ئەو بەهایەی بەهۆی كاركردنییەوە بەرهەمی دەهێنێ وەرناگرێو پێویستە بەشێكی بدات بەسەرمایەدار؟ ئابووریناسە بۆرژواییەكان بێ هوودە هەوڵیانداو وەسۆشیالیستەكانیش هەروەها، تا وەڵامێكی زانستیانەی ڕیشەیی بەم پرسیارە بدەنەوە. تا ئەو كاتەی ماركس هاتو چارەسەرەكەی دۆزییەوە. ئەو چارەسەرە بەم شێوەیە بوو: شێوەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری ئێستا دوو چینی كۆمەڵایەتی كردووە بەپێش مەرجی خۆی، كەبریتین لە سەرمایەدارەكان كەخاوەنی هەموو هۆیەكانی بەرهەمهێنانو هۆیەكانی ژیانن، وەپرۆلیتارەكان كەلەوانە بێبەشنو تەنها كاڵایەك كەهەیان بێ هێزی كاریانەو دەبێو ناچارن بیفرۆشن تا هۆیە پێویستییەكانی ژیانیان دابین بكەن. بەڵام بەهای هەر كاڵایەك بەبڕی كاری كۆمەڵایەتی پێویست كەدەچێتە بەرهەمهێنانەكەیو دووبارە بەرهەمهێنانەوەی، دیاریدەكرێ لەبەرئەوە بەهای هێزی كاری ئینسانێكی مامناوەندی بۆماوەی ڕۆژێك یان مانگێك یان ساڵێك بەو بڕە كارە دیاریدەكرێ كەلەهۆیە پێویستییەكانی ژیاندایە بۆپاراستنی ئەو هێزی كارە بۆ ماوەی ڕۆژێك یان مانگێك یان ساڵێك، گریمان شەش سەعات كارمان پێویستە یان ـ ئەوەیش هەمان مانا دەبەخشێ ـ ئەو بڕە كارەی دەچێتە بەرهەم هێنانی هۆیەكانی ژیانی كرێكارێك لەڕۆژێكدا شەش سەعات كارە، لەم حاڵەدا بەهای هێزی كار لەماوەی یەك ڕۆژدا بەو بڕە پارەیە تەعبیری لێدەكرێ كە شەش سەعات كاری لەخۆگرتووە. دووبارە گریمان ئەو سەرمایەدارەی كار بەو كرێكارە دەكات لەبەرامبەردا ئەو بڕە پارەیەی بەتەواوی دەداتێ، واتە

بەهای هەموو هێزی کارەکەی. ئەگەر کرێکار بەم شێوەیە لەڕۆژێکدا شەش سەعات کار بۆ سەرمایەدار کار بکا ئەوکات هەموو ئەو خەرجیانەی سەرمایەدار کردوویەتی وەریگرتۆتەوە، واتە شەش سەعات کار لەبەرامبەر شەش سەعات کاردا. ئاشکرایە لەم حاڵەدا سەرمایەدار هیچی دەست ناکەوێ، هەر بۆیە سەرمایەدار بەجۆرێکیتر دەڕوانێتە مەسەلەکە، ئەو دەڵێ: من هێزی کاری کرێکارم بۆیەك ڕۆژی تەواو کڕیوە نەك بۆ شەش سەعات کار؛ لەبەرئەوە سەرمایەدار کرێکار ناچار دەکات ٨سەعات، یان ١٠ سەعات یان زیاتر لەوەیش بەپێی بارودۆخەکان، کاربکات، وەبەوجۆرە بەرهەمی سەعاتی حەوتەمو هەشتەمو سەعاتەکانی تر بەرهەمی کارێکە کەکرێکەی نەدراوەو ڕاستەوخۆ دەچێتە گیرفانی سەرمایەدارەوە. بەم شێوەیە، کرێکار لەخزمەتی سەرمایەداردا نەك هەر بەهای هێزی کارەکەی کەسەرمایەدار کرێکەی داوە تازە دەکاتەوە، بەڵکو سەرباری ئەوە **بەهایەکی زیادەش** بەرهەم دەهێنێو سەرەتا سەرمایەدار بۆخۆی دەیباو دواتر بەپێی یاسا ئابوریە دیاریکراوەکان لەناو گشت چینی سەرمایەداردا دابەش دەکرێو دەبێت بەو سەرچاوەیەی ملکانەی زەویو قازانجو کەڵەکەی سەرمایەی لێپەیدادەبێ ــ، بەیەك ووشە هەموو ئەو سامانانەی چینە کارنەکردووەکان بەکاری دەهێنن یان کەڵەکەی دەکەن.

بەڵام ئەوە سەلمێنرا کە دەوڵەمەندبوونی سەرمایەدارە هاوچەرخەکان بەهۆی ئەو کارەوەیە کەکرێکەی نادرێو ئەوان دەبن بەخاوەنیو کەسانیتر دەیکەن.

حاڵی ئەمان هیچی کەمتر نییە لەحاڵی خاوەن کۆیلەکان یان دەربەگەکان کەکاتی خۆی کاری کۆیلەکانی زەوییان بۆ خۆیان دەبردو دەیان چەوسانەوە، وەهەموو ئەم شێوانەی چەوسانەوە تەنها لەو شێوەو ڕێگایانەدا لەگەڵ یەك جیاوازیان هەیە کەتیایدا ملکایەتی بۆئەوکارەی کرێکەی نادرێ پەیدادەبێ. بەڵام بەهۆی ئەم دۆزینەوەیە دوا بناغەیەك هەرەسی هێنا کەچینە داراکان دەیان کرد بەبنەمای قسەڵۆکە دووڕووەکانیان سەبارەت بەوەی ڕژێمی کۆمەڵایەتی ئێستا یاساو دادپەروەریو یەکسانی لەمافو ئەرکەکانداو لەهاویەکی بەرژەوەندییەکاندا تیایدا زاڵە.

بەهۆی ئەمەوە کۆمەڵگای بۆرژوازی ئەمڕۆ بەهەمان ڕێژەی ڕسوابوونی کۆمەڵگای پێشوو، وەکو دامەزراوێکی زۆرگەورەی چەوسانەوەی زۆرینەی خەڵك لەلایەن کەمایەتییەکی بچووکەوە کەتابێت کەمتریش دەبێتەوە، ڕسوایی بەدەست هێنا.

ئەم دوو بنچینە گرنگە، پایەکانی سۆشیالیزمی زانستی مودێرن پێکدەهێنێ.

لەبەرگی دووەمی"کاپیتاڵ"دا ئەم دوو دۆزینەوە زانستییەو زۆر دۆزینەوەی زانستیتر کەهیچی لەمان کەمتر نییە لەبواری لێکۆڵینەوەی ڕژێمی کۆمەڵایەتی سەرمایەداریدا، زیاتر پەرەی پێدەدرێ، هاوکات گۆڕانکاری ڕیشەیی ئەو لایەنانەی تری ئابووری سیاسی دەگرێتەوە کەبەرگی یەکەم باسی نەکردبوو، با هیوا بخوازین مارکس لەماوەیەکی نەچەندان دووردا بەرگی دووەم بەچاپ بگەیەنێ.

---

## پەراوێزەکان

١- ئەنگلس ئەم ووتارەی لەناوەڕاستی حوزەیرانی ساڵی ١٨٧٧دا نوسیوە. لەرۆژنامەی((فولکس ــ کالیندەر VOLKS KALENDER "کەلە برادن شڤیگ دەردەچوو" لەساڵی ١٨٧٨دا بەزمانی ئەڵمانی بڵاوکراوەتەوە. لەکاتێکدا کەخودی مارکس هێشتا هەر لەژیاندا بووە. ئێمە دەقی ئەم ووتارەمان لەزمانی عەرەبییەوە وەرگێڕاوەتە سەر کوردیو دواتر لەگەڵ دەقە ئینگلیزییەکەیدا بەراوورد کراوە. بۆ یەکەم جار ئەم وەرگێڕانە لەپەیامی کۆمۆنیزم ژمارە (٢٥و٢٦)دا بڵاوکرایەوە.

٢- "رۆژنامەی رینان بۆکاروباری سیاسیو بازرگانیو پیشەسازی" رۆژنامەیەکی ڕۆژانەبوو، لەکانوونی دووەمی١٨٤٢ تا ٣١ی ئازاری ١٨٤٣ی خایاند، لەنیسانی ١٨٤٢دا مارکس لەو رۆژنامەیەدا کاریکردووەو لەتشرینی یەکەمی ئەو ساڵەدا بووە بەسەرنوسەرەکەی.

٣- راوێژکاری پۆلیس دولیشال، یەکەم رەقیب بوو بەسەر((رۆژنامەی رینان))ەوە، ئەو رەقیبەی جارێکیان لەرۆژنامەی کۆلۆنیادا ڕاگەیاندنی وەرگێڕانی((کۆمیدیای یەزدانی)) دانتی بەقەڵەمی فیلالیس((پاشای یوهانی ساکسۆنی داهاتوو)) ڕەش کردەوەو ئەم تێبینییەی تۆمارکرد: پێوست ناکات لەکاری خودایی‌دا کۆمیدیا سازبکرێ!))(ئەم ڕوونکردنەوەیە هی ئەنگلس خۆیەتی).

[٤*]/((سالآنەی ئەڵمانی ـ فەڕەنسی)) بەزمانی ئەڵمانی لەپاریس دەرچوو. تەنها دوو ژمارەی لێکدراوی لەشوباتی ١٨٤٤ دا لێ دەرچووەو نوسینەکانی مارکس و ئەنگلسی بڵاوکردۆتەوە کەڕووهێنانی ئاشکرای ئەوانی بەرەو ماتەریالیزم و کۆمۆنیزم بەڕۆشنی بەیان کردووە. هۆی سەرەکی وەستانی سالآنەکە دەگەڕێتەوە بۆ ناکۆکی باوەڕی نێوان مارکس و روغەی بۆرژوا ـ رادیکال.

[٥*] کۆمەڵەی کۆمۆنیستەکان یەکەم ڕێکخراوی سیاسیبوو کەکرێکارانی کۆچکردووی ئەڵمانیا لەپاریس لەژێر کاریگەری جولآنەوە سۆسیالیستییەکانی ئەو وولآتەدا لەساڵی ١٨٣٦دا لەژێرناوی کۆمەڵەی((داد خوازان)) دایان مەزراند.

مارکس و ئەنگلس لەبەهاری ساڵی ١٨٤٧دا بوون بەئەندامی ئەم ڕێکخراوەیەو لەژێر کاریگەری ئەواندا رێکخراوەکە ناوی خۆی گۆڕی بەکۆمەڵەی کۆمۆنیستەکان.

[٦*]/((رۆژنامەی ئەڵمانی ـ برۆکسلی)) لەبرۆکسل لەلایەن ئەڵمانییەکانی نیشتەجێی ئەو شارەوە دامەزرا. لەکانوونی دووەمی ١٨٤٧ تا ١٨٤٨ ی خایاند لەسەرەتای ئەیلولی (١٨٤٧)ەوە مارکس و ئەنگلس هاوکاری ڕاستەوخۆی ئەم رۆژنامەیەیان کردو بەکردەوە بوو بە زمانحاڵی((کۆمەڵەی کۆمۆنیستەکان))..

[٧*]/((رۆژنامەی رینانی نوێ)) زمان حاڵی دیموکراسی((NEW RHEINISCHE, ZETUNG ORGAN DER DEMOCRATIE)) ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەبوو لەیەکی حوزەیرانی ١٨٤٨، بەسەرنوسەری مارکس، تا ٩ای ئایاری ١٨٤٩ای خایاند.

[٨*]/ مەبەست راپەڕینی حوزەیرانە کەکرێکارانی پاریس لە٢٢تا ٢٦ی حوزەیرانی ١٨٤٨ پێی هەستان. بۆرژوازی فەڕەنسی بەشێوەیەکی دڕندانە سەرکوتی کرد. ئەم ڕاپەڕینە یەکەمین شەڕی ناوخۆیی گەورەبوو لەمێژووی ململانێی نێوان پڕۆلیتاریاو بۆرژوازیدا. سەبارەت بەم ڕاپەڕینە مارکس ووتاری(شەڕی ناوخۆیی لەفەرەنسادا) نوسیوە.

[٩*]/ڕۆژنامەی بروسیای نوێ(NEW PREU BISCHE ZEITUNG).زمانحاڵی کۆنەپەرستی و چینی یۆنکەری بروسی بوو کەلەساڵی ١٨٤٨دا دەردەچوو، کە بەڕۆژنامەی صەلیبی((KREUZ ZETUNG)) ناوی دەرکردبوو، ئەویش بەهۆی وێنەی ئەو خاچەوە کە لەناونیشانەکەیدا بوو.

*چیمبۆرازۆ: یەکێکە لەلوتکە بەرزەکانی شاخێک لەباشووری ئەمریکا.

[١٠*]/مەبەست ئەو ڕاپەڕینە جەماوەریانەیە کەلە ئەڵمانیادا لە(١)ی ئایاری(١٨٤٩)ەوە تاکو تەموزی ئەوساڵە بەرپابوو بەمەبەستی پارێزگاریکردن لەو دەستورەی کەپەرلەمانی نیشتمانی لەفرانکفۆرت لە٢٨ی ئازاری ١٨٤٩ دا پەسەندی کردبوو بەڵام دەوڵەتەکانی هەرێمەکانی تری ئەڵمانیا ڕەتیان کردبۆوە. ئەم ڕاپەڕینە لێرەو لەوێبوون و لەناوەڕاستی تەمووزدا سەرکوت کران.

[١١*]/ لە٤ی تشرینی یەکەم تا ١٢ ی تشرینی دووەمی ١٨٥٢، ١١ ئەندامی کۆمەڵەی کۆمۆنیستەکان کەبەشێک لەڕابەرانی ئەو رێکخراوەبوون، دادگایی کران و تۆمەتی خیانەتی گەورەیان دایەپاڵ حەوت کەس لەوان بەپێی بەڵگەنامەی ساختەو شایەتی درۆ. دادگا حوکمی زیندانیکردنی لە ٣ساڵەوە بۆ ٦ساڵ سەپاند بەسەریاندا. مارکس لەنوسینی((ئیفشاگەریەک دەربارەی دادگاییکردنی کۆمۆنیستەکان لەکۆڵۆنیا)) ئەم دادگاییکردنەی ڕسواکرد. هەروەها ئەنگلس لەنوسینی ((دەربارەی مێژووی کۆمەڵەی کۆمۆنیستەکان)) کەوەکو پێشەکییەک بۆ ئەو نوسینەی سەرەوەی مارکس نوسیوێتی گرنگی و بایەخی مێژوویی ئەو ڕووداوە مێژووییە هەڵدەسەنگێنێ.

[١٢*]/ رۆژنامەی(NEWYORK DAILY TRIBUNE) رۆژنامەیەکی بۆرژوازی و پێشکەوتنخوازبوو لەساڵی ١٨٤١ تا ساڵی ١٩٢٤ لەنیۆرک دەرچووە، لەئابی (١٨٥١)ەوە تا (١٨٦٢) مارکس و ئەنگلس هاوکاری ڕاستەوخۆی ئەم رۆژنامەیەیان کردووە.

[13*]/ شەڕی ناوخۆیی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا(١٨٦١ ـ ١٨٦٥) لەنێوان ولایەتەکانی باکوری پیشەسازی و ولایەتەکانی باشوردا کەسیستمی کۆیلەیەتی و سیستمی کۆیلەی زەوی(سرف) تیایدا زاڵ بوو هەڵگیرسا.

[١٤]/مەبەست لەو حکومەتە کاتییەیە کە دوای ڕاپەڕینی شۆڕشگێڕانەی ٤ی ئەیلولی ١٨٧٠ بووە هۆی ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی دووەمی فەڕەنساو ڕاگەیاندنی کۆماری، هاتە سەرکار.

١٥/کۆنگرەی ئەنترناسیوناڵی یەکەم لەلاهای لە٢ی حوزەیرانی ساڵی ١٨٧٢ تا ٧ ی ئەو مانگە بەسترا. (٦٥)کەس بەنوێنەرایەتی (١٥) ڕێکخراو لەم کۆنگرەیەدا بەشداربوون. کۆنگرە چالاکی ئانارشیستەکانی ئیدانەکردو ڕابەرەکانی لەئەنتەرناسیوناڵ دەرکرد.